مافی خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لەدەستووری ئێرانی بەپێ ی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی گشتی

(توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)

د.شاری خالد معروف

ماموستا لە فاکەلەتی یاسا وپەیوەندیە نێودەولەتیەکان–بەشی یاسا لە زانکۆی سۆران

ماموستای وانەبێژ لە کۆلیژی یاسا زانکۆی نۆلیج

د. یاسین میسر عزیز

ماموستا لە کۆلیژی یاسا زانکۆی نولیج

د.اسعد انور عارف

ماموستا لە کۆلیژی یاسا زانکۆی نۆلیج

ڕاگری کۆلیج ی یاسا لە زانکۆی نۆلیج

doi:10.23918/ilic2018.03

پێشەکی

مافەکانی مرۆڤ لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی کۆندا تەنیا لەچوارچێوەی یاسا نێوخویەکاندا بوونی هەبوو، بەڵام پاش پێشکەوتنی پێگەی تاك لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا، ئەم مافانە بوونە جێگای بایەخ پێدان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی، قاوغێکی یاسایی وەربگریت لەڕێگەی ڕێخستن و دەقنووس کردنیان لەچەندین ڕێکەوتنامە و بەلگەنامەی نێودەولەتیدا. مافی خۆپاڵاوتنیش وەك یەکێك لەمافەکانی بەشداری سیاسی هاوولاتیان لە بەڕێوەبردنی وولاٌت جەختی لەسەر کرایەوە لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا بەتایبەتی لەجارنامەی جیهانی و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

لەخویندنەومان بۆ دەستور و یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران، وە بەراورد کردنی لەگەل بنەماکانی یاسای نێودەولەتی گشتی، ئەوەمان بەدی کرد کە چەندین لەمپەر و کوت وبەند دێنە پێش هاوولاٌتی ئێرانی بەمەبەستی بێبەش کردنی لەم مافەدا، کە ئەمەش دژوارە لەگەڵ زۆربەی بنەما نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی ئەمرۆماندا گرنگی و بوون و زامن کردنی مافە شارستانی و سیاسیەکان لە دەستوور و

یاساکانی زۆربەی وولاتانی جیهان بەرقەرار کراون، بەتایبەت مافی خۆپالاوتن، کە ڕەوانیە لە مرۆڤەکان زەوت بکرێت تەنها لەهەندێك باری یاسایی تایبەت نەبیت کەئەویش وەك ریزپەر پۆلین کراون.

هەرچەندە کۆماری ئیسلامی ئێران خاوەن پێشینەیکی شارستانی کۆنە، کەچی ئاستی سیستەمی یاسایی پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، بەبەراورد لەگەل پێوەرە نێودەولەتیەکان، لەبەرئەوەی گەرەنتی کردن و بەرقەرار کردنی مافەکانی مرۆڤ لە دەستوور و یاساکاندا وەك پێوەرێك هەژماردەکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بزانرێ کە تاچەند سیستەمی یاسایی ناوخۆیی ئەم وولاتە نزیك بۆتەوە یان خەریکە هاوتەریب دەبێ لە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان.

گرنگی توێژینەوە: جگە لەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لەگرنگترین دراوسێکانی ئێمە وە نەتەوەی کوردیش یەکێك لە پیکهاتەکانی گەلی ئەم وولاتە پێك دەهینێت، بۆیە بە گرنگمان زانی کە توێژینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکاری بۆ دەقەکانی دەستوور و یاساکانی ئێران ی پەیوەست بەم بابەتەوە بکەین" بۆئەوەی بتوانین دەستنیشانی ئەم کەموکورتیانە بەکەین کە لەدەقە یاساییەکان دەبینرێ ، بەراورد لەگەل پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، چونکە زۆرجار سیستەمی وولات دەکەویتە ژێر کاریگەری وولاتانی دراوسێکانی و کاریگەریان دەبێت لەسەر یەك بەشێوەیکی راستەوخو یا ناراستەوخۆ.ئەمە لەلایەك، وە هەروەها گرنگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی یاخود دەتوانین بلێن نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە کتێبخانە یاساییەکان لە سەر شیکارێکی یاسایی بۆ دەقەکانی دەستوور ویاساکانی دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

گرفتی توێژینەوە: کێشە لەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەستنیشان کردنی کەم و کوڕیەکانی و پێشێل کاریەکان و بۆشاییە یاساییەکانی دەستوور و یاسای هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە بەراورد لەگەل بنەماکانی یاسای نێودەولەتی گشتی و بەتایبەت جارنامەو رێکەوتنە نێودەولەتیەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ.

ئامانجی توێژینەوە: کۆماری ئیسلامی ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە، ئایین، زمان وکلتوورە، بۆیە دەستووری ئەم وولاتە پێویستە ڕەچاوی ئەم فرە لایەنیە بکات، ماف و ئەرکی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی بپارێزێت، بویە مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا تیشك بخەینە سەر مافی پێکهاتەکانی ئەم وولاتە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ، تاوەکوو بۆمان روون ببێتەوە کە ئایا یاسای ئەم وولاتە ڕەچاوی زامن کردنی مافی ئەم فرەنەتەوەیی و ئاینیی کلتوریەی کردوە یاخود نا لە سیستەمی یاسایی ؟

میتۆدی توێژینەوە: سەرەڕای بوونی چەندین میتود کەدەتوانری پشتی بێبەستریت بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوە،لەم تویژینەویەدا بشت بەستراوە بە میتۆدی شیکاری بۆ دەقە دەستووری و یاسایەکانی پەیوەست بەم بابەتە

وەهەروەها بەکارهینانی میتۆی بەراوردکاری بۆ بەراورد کردنی دەقە یاساییەکان لەگەل بنەماکانی یاسای نیودەولەتی گشتی و بەتایبەتی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ ، وەهاروەها سوود وەرگرتن لە راو بۆچوونی زایانی لەم بوارەدا. بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە.

پلانی توێژینەوە: توێژینەوەکە سەرەتا لە پێشەکی دەست پێدەکات و دواتر دابەش کراوە بۆسەر دوو تەوەری سەرەکی وەك لەخوارەوە ئاماژەی پیکراوە، وە کوتایی بەتوێژینەوەکە هاتوە بە کوتا کە جەند دەرەنجام و راسپاردە لەخۆ دەگرێت.

١–مافی خۆپالاوتن لەدەستووری ئێرانی و رێکەوتننامە نێودەولەتیەکان

١–١–.مانای مافی خۆ پالاوتن.

١–٢– سروشتی یاسایی مافی خۆپالاوتن

١–٣– مەرجەکانی خۆپالاوتن لە دەستوری ئێرانی

٢–ڕەوایی یاسای هەڵبژرادنی سەرۆك کۆمار لەئێران بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی

٢–١ –جیاوازی سیاسی

٢–٢ –جیاوازی ئایینی

٢–٣ –جیوازی ڕەگەزی

١–مافی خۆپالاوتن لەدەستووری ئێرانی و رێکەوتننامە نێودەولەتیەکان.

بەمەبەستی دیاریکردنی مافی خۆپالاوتن لە دەستوری ئیرانی و رێکەوتنە نیودەولەتیەکان وامان بەباشزانی سەرەتا باس لە مانی مافی خوپالاوتن و دواتر سروشتە یاسایەکەی روون بکەینەوە وە پاشان باس لە مافی خوپالاوتن بکەین لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە بەراورد لەگەل رێکەوتنامە وە بنەماکانی یاسای نێودەولەتی گشتی وەك لەخوارەوە:–

١–١–مانا مافی خۆ پالاوتن

بەشداری هاوولاتیان لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتی وولاٌت یەکێکە لە کۆلەگە سەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤ [١]. لەبەرئەوەی ئادەمیزاد ئەو کاتە هەست بەبوونی خۆی دەکات وەکوو مرۆڤ، کاتێك مافەکانی بۆ فەراهەم بکرێت،بەپێچەوانەوە مرۆڤایەتی خۆی لەدەس دەدات[٢].لەم رواگەوە دەبینین زوربەی بەڵگە نامە نێودەولەتیەکان و زۆرینەی دەستووری وولاٌتان جەخت لەسەر فەراهەم کردنی مافە دەکەنەوە، کە پەیوەستە بە پرەنسیپی یەکسانی ئازادیەگشتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا،وەلەبەر گرنگی ئەم مافە وەك بنەمایەکی دیموکراسی گەلان، بۆیە بەگرنگی دەزانین کە تیشك بخەینەسەر مانای مافی خۆپالاٌوتن و پێناسەکردنی وەك لەخوارەوەدا:

یەکەم:مافی خۆ پالاٌوتن لەرووی زمانەوانیەوە

- پالاوتن لەرووی زمانەوانیەوە واتە پالاوتن، کاندیدکردن،[٣]واتە خۆی پێشکەش دەکات تا دەنگدەرەکان بیکەنە نوێنەری خۆیان، وە خۆ پالاٌوتن واتە ئەو کەسەی کە کەخۆی کاندید دەکات بۆ هەڵبژادن یان بۆ پۆستێك.

دووەم : مافی خۆپالاوتن لەرووی چەمەکەوە:

باشتر وایە سەرتا پیناسەی ماف بکەین بۆئەوەی دواتر پێناسەی مافی خۆ پالاوتن و روونی بکەینەوە کە مانای چی دەگەیەنێت.ئەگەرچی زۆربەی یاسازانان دان بەوە دادەنێن کە کە فیکرەی ماف لەلایەنی کۆمەلایەتی ولەلایەنی هۆنینەوەی یاساییەوە فیکرەیەکی پێویستە، بەلام هەموویان لەسەر دارشتنی پیناسێك بۆ ماف یەکرانین.[٤] هەر بۆیە هەندیك لە یاسازانان بە کە لەرووی سەرنج بۆی دەچن دەلێن ماف بریتیە لە توانایەکی ئارەزووی خاوەنەکەیەتی،

---

[١] بروانە ماددەی (٢١) لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

[٢] د.جبار صابر طة، النظرية العامة لحقوق الانسان–دراسة مقارنة بين الشريعة الاسلامية و القانون الوضعي، منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت، لبنان، ٢٠٠٩، ص ١٨.وە بروانە: د.صالح حسن سميع، ازمة الحرية السياية في الوطن العربي، دار الزهراء للاعلام العربي، ١٩٩٨، ص٧.و د.مصطفى ابو ازيد فهمي، الحرية في الحرية والاشتراكية والوحدة، دار المعارف، القاهرة، مصر، ١٩٩٨،ص١٧.

[٣] اسماعيل بن حماد الجوهري، معجم الصحاح، دار المعرفة، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص٤٠٨.

[٤] وەرگیراوە لە: د.سعدی بەرزنجی،تیۆری گشتی ماف، لەبلاوکراوەکنی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان،زنجیرەی یسایی ٢،هەولێر،١٩٨٩،ص١٣.

وەئەوانەی تەماشای ناوەرۆکەکەی دەکەن دەلێن ماف بەرژەوەندیەکە یاسا دەیپارێزێت وە کۆمەلێکی تر لە زانایان دەلێن تواناو بەرژەوەندێکە کە یاسا دەیپارێزێت،[٥]پاش ئەورەخنانەی کەئاراستەی ئەم پێناسانە کران لەلایان یاسازانا مامۆستا جان دابانی بەلجیکی مافی بۆ ئەوە شتانە گەراندەوە کە لێیان پێك هاتووە شیتەڵ کرد، کە ئەویش دەست بەسەراگرتن و دەس بەسەرا ڕویشتن و پارێزگاری یاساییە. ئەم پیناسەیەی جان دابان ئیستا لای گەلێ لە یاساناسانە وە پەسەندە کە دەلێن ماف بریتیە لە :دەستگرتنی یەکێکە بەسەر بەهایەکی مادی یان ئەدەبی لەژێر سایەی پارێزگاری یاساییدا.[٦]وە هەندیکی تر لە یاساناسانی شەریعەتی وسلامی دەلێن ماف بریتیە لەوەی پەیوەندی هەیە بەبەرژەوندیەکی رەوای(مشروع) تاك هەیە یان بەرژەوەندی گشتی کۆمەلگا یان بەرژەوەندیەکی هاوبەش لەنێوان تاك و کۆمەلگا.[٧]

زانایانی سیاسەت راوابۆچوونیان جیا لە پیناسەکردنی ماف هەروەك زانا هارولد لاسکی دەلێ ماف برینیە لە(ئەو حالەتانەی کە یارمەتی گەشەپیدانی کەسایەتی مرۆڤ ، وایلێدەکات کە بگاتە باشترین شیوەو لەهەموو روێکەوە[٨].ئەم پیناسەیە ماف بە گەشەپیدانی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە مەبەستی بەردەوام بوونی گرنگی پێدان بە مافەکانی مرۆڤ. لەفەرهەنگیری بیری سیاسیدا هاتووە کە ماف سێ مانا دەگەیەنێ لە رووی سیاسیەوە، یەکەم: بریتیە لەو بەرژەوندیانەی کە یاسا دەیپارێزیت وە خێروژاکەکەی و هەل دەدات بەتاکەکان عەسەر بنەمایەکی ئاشکراو روون. دووەم واتا تەعبیرکردنە لەداواکارکاریەکی رەوا بۆ دروستکردنی موئەسەساتێك و پارێزگاری لیکردن و رێز لیگرتنی. سێەم: واتا تەعبیر کردنە لە پرەنسیپس رەوشتی کە گرنگی دەدات بە بەهای یەکسانی و سەربەخۆی و کارکردنی بەرەوشت.[٩]

پاش ئەوەی چەندین پیناسەمان لەرووی یاسای و شریعەتی ئیسلامی و سیاسی پێشکەشکرد لە سەروە بۆمان دەردەکەوێت کە مافی خۆپالاوتن دەتوانین بلێن بریتیە لە خۆ دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ کارێك یا پۆستێك لە پرۆسەیەکی دیموکراسی کۆمەلەکەسانێکی تر دەنگی لەسەردەدەن کە شایستەیە یان نا. وەبۆ ئەوەی لە چوارچیوەی توێژینەوەکەمان دەرنەچین، مەبەستمان لە مافی خۆپالاوتن مافی پشکداری کرنی هاوولاتیە لە پرۆسەیەکی سیاسی و دەستوریدا. لەبەرئەوەی ئەم مافە بەدەرنیە لە مافی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی وولات کە بریتی لەم مافەی کە رێگە دەدات بەهاوولاتیان بەشداری بکەن لە بەرێوەبردنی خۆیان[١٠]. وە مافی بەشدار بوونیش واتە بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکان و راپرسیەجۆراوجۆرەکان وەهەروەها مافی خۆپالاوتن.

---

[٥] د.نجيب محمد بكير، المدخل لدراسة القانةون، مكتبة عين شمس، القاهرة،بدون سنة نشر،١٣٨.و د. سليمان مرقس، المدخل للعلوم القانونية،دارنشر للجامعات المصرية/ القاهرة،١٩٥٣،ص ٣٣٤.

[٦] د. سەعدی بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣-٢٦.

[٧] د. محمد گەزنەیی،نظرية الاستحقاق في الفقه الاسلامي والقانون المدني، طبع الامانة العامة للاوقاف، اربيل،١٩٩١،ص٨.

[٨] ئەم پیناسە وەرگیراوە لە د.عطا بكري، الدستور وحقوق الانسان،مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٤، ص٢٥. . وەرگیراوە لە يعقوب عزيز قادر،ضمانات حماية حقوق الانسان في اقليم كوردستان العراق، من منشورات منظمة نشر الثقافة القانونية، اربيل،٢٠٠٤، ص ٢٣.

[٩] يعقوب عزيز قادر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣

[١٠] د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية،الدار الجامعية، بيروت، لبنان، ١٩٩٨، ص٣٢٢.

راستیەکی حاشاهەلنەگرە کە مافی خۆ پالاوتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتیەانی مافی ڕەسەتی هەموو مرۆڤەکانە کە ناکرێن و نافرۆشرین و لەدەست نادرێن بەبەکارنەهێنانیان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، هەر بۆیە مسۆگەرکردنیان و پاراستنیان دوو ئەرکی سەرەکی حکومەتەکانە، وە رێزگرتن لێیان زەمانەتێکی سەرەکیە بۆ رووبەروو بونەوەی دەولەتی ستەمکار،وە پابەند بوون پێان دەبێتە دەبێتە بناغەی ئازادی و ئاشتی و دادپەروەری و دیموکراسی. وەحوکمرانی دیموکراسی لەسەر بناغەی ئیرادەی گەل دادەمەزرێت لەئەنجامی هەلبژادنێکی ئازاد و بێخەوش گوزاشی لیدەکرێت. وە باشترین گەرەنتی یە بۆ ئازادی رادەربرین و ڕیگەدان بەهەموو چینەکانی کۆمەلگە و رەخساندنی هەلی یەکسانە لەبەر دەم هەموو کەسێکدا.مافی خۆ پالاوتن کە مۆرکێکی نوینەرایەتی هەیە لەگەل ئەوەشدا لێبرسینەوەو دیاری کردنی بەرپرسیاریەتی لە بەردەم پالیوراوان دادەنێت کە پیویستە هەمووان وابەستەی یاسا بن چونکە کەس لەسەرووی یاساوە نیە.

١–٢–سروشتی یاسایی مافی خۆپالاوتن

لە ئەدەبیاتی یاسایی ئیراندا، جیاکاری لە نێوان مافی شارستانی و سیاسی وە مافی هاوولاتی نەکراوە[١١]، لە کاتێکدا جیاکاری لەم دوو چەمکە یاساییە، لە ناساندنی هاوولاتی و گەشەی دیموکراسیدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە" چونکە مافی شارستانی، بریتیە لە لەو توانا یاساییەی کە رێساکانی یاسای شارستانی هەر کۆمەلگەیەك بۆ تاکەکانی خودی کۆمەلگە بە فەرمی دەیناسێنێت[١٢]. بۆیە هاوشان لەگەلٚ مافی سیاسی وەکو مافی مرۆڤ لە کۆمەلگەدا هەژماردەکرێت. ئەگەر ئەرکی سیاسەت بریتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەلگە و مەبەست لێی گەیشتن بێت بە بەختەوەری و رزگارکردنی مرۆڤ لە ژێردەستەیی، ئەوا ئەم پرۆسەیە بە بێ بەشداری خودی هاوولاتی بە ئەنجام ناگات. بە واتایەکی تر مافی سیاسی لە ناخی مافی هاوولاتی و مافی هاوولاتی لە ناوەڕۆکی جارنامەی گەردوونی مافی مروڤ دایە. مافی هاوولاتی دەکرێت لە روانگەی دوو بنەمای سەرەکی مافی هەلبژاردن و مافی خۆپالاوتن، شیکاری بۆ بکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی نێوان مافی سیاسی و مەدەنی وە هاوولاتی بە دیاربکەوێت. لە راستیدا هاوولاتی کەسێکە کە مافە شارستانی و سیاسییەکانی خۆی لە کۆمەلگەیەکی شارستانی بەکاربێنێت و لێی سوودمەند بێت[١٣].هەرچەندە بەداخەوە لەگەلٚ شوێنی دونیادا ئەو مافەانە هەر (مەرەکەبن لەسەر کاغەز).[١٤]

سەبارەت بە ناواخنی هەلبژاردنیش کە راستەوخۆ کاریگەری لە سەر مافی هاوولاتی دەبێت، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا بەشداری لە هەلبژاردندا، مافە یان ئەرکە؟.بێگومان رای جیاواز هەیە لەسەر ئەم بابەتە هەندیك بەلایان وایە کە هەلبژاردن مافێکی کەسیە هەمووهاوولاتیەك هەیەتی وەنابێت هاوولاتیان بێبەش بکرێن لەم مافە[١٥]. وەهەندیکی تر دەلێن

[١١] دكتر سيد محمد هاشمي، مديريت سياسي، انتشارات رياست جمهوري، سال ١٣٦٦، ص ٢١

[١٢] دكتر مهدي شهيدي، حقوق مدني ٣ "تعهدات" مجتمع علمي فرهنطي مجد، ١٣٨٠، ص ٣٣

[١٣] دكتۆر مەهدی شەهیدی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١

[١٤] د.سەعدی بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥.

[١٥] د.عبدالغني بسوني، مصدر سابق، ص٢٢٤–٢٢٥

بەشداریکردن له هەڵبژاردندا حوکمه و شایستەی گواستنەوه نیه بۆ کاسانی تر و به کورتی ئەرکە[١٦]. بۆیه خۆپاڵاوتنیش بۆ هەڵبژاردن هەر لەم روانگەوه شرۆڤەی بۆ دەکرێت بەوەی که مافێکی یاسایی و شەرعییه و هەموو تاکێکی کۆمەڵگه به بێ رەچاوکردنی ئایین، زمان و رەگەز مافی خۆپاڵاوتنی هەیه پەسەندکردنی هەر کام لەم دوو بابەته، ئاسەواری جیاوازی لێ دەکەوێتەوه. وه ڕای سێیەمی زانایان ئەوەیه که هەلبژاردن ماف و ئەرکە[١٧]. کەواته ئایا سروشتی یاسای مافی خۆ پالاوتنیش هەمان سروشتی یاسای هەیه؟ بۆ وەلامی ئەم پرسیاره دەلێن سروشتی یاسایی مافی خۆ پالاوتن بەم شێوەیەی خوارەوەیه.

یەکەم:خوپالاوتن مافه

بەڕای لایەنگسرانی ئەم رێرەوه خۆپالاوتن مافێکه له مافه سیاسیەکان، که بەهۆیەوه سەرۆکی دەولەت و نوێنەرەکانی ئەنجوومەنەکان هەلدەبژێردرێن. وه لەسەر ئەم بنەمایه هەموو هاولاتیەك ئەوانەی ئارەزووی پیادەکردنی ئەم مافه دەکەن مافی ئەوەیان هەیه دەنگی دەدەنگدەران بەدەس بهێنن بۆ گەیشتن ئەنجوومەنی نوێنەران یان پۆستی سەرۆکی دەولەت[١٨]. لەبەر ئەوەی هەلبژاردن و خۆپالاوتن دوو مافی تەواوکەری یەکترن، وه نوێنەرایەتی کردن تەنها به بەرجەستەبوونی مافێك بەبێ ئەویتر نایەته کایەوه[١٩]. کەواته رێز گرتن لەم مافه بەئەرکی سەرەکی دەولەت دادەنرێت، وەهەندێك جار بگره مۆرکێکی ئاینیشی پێدەدرێت ئەم مافه که ئەویش ئەوەیه که ئەمافه خواوەند بەخشیویەتی به مرۆڤەکان هەروەك لەدستوری ئێرانی ئاماژەی پێدەکات و قودسیەتێکی زیاتردەداته بەم مافه له روانگەی یاساییەوه.

بەپێی ماددەی ٥٦ له دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، سەروەری خەڵك له سەر داهاتووی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان ،که خۆپاڵاوتن و بەشداری کردن نموونەی زەقی ئەم بابەتەیه، مافێکه که له لایەن خوداوه به مرۆڤەکانی بەخشیوه[٢٠]. بۆیه ئەرکی حکومەت له رێزگرتن لەم مافه و ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی قورستر دەکات. ئەم بڕیاره له ماددەی نۆ له دەستوری ئێراندا رەنگی داوەتەوه و دەڵێت، هیچ بەرپرس و کاربەدەستێك، مافی نیه به ناوی پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵات ئازادییه ڕەواکان یاخود مەشروعەکان له رێگەی دەرکردنی یاسا و رێساوه زەوت

---

(١٦) دكتر سيد محمد هاشمي، حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، جلد دووم ، مجمع آموزش عالي قم، بهار ١٣٧٥، ص١٠٩ .و د. ابراهيم عبدالزيز شيحا،النظم السياسية والقانون الدستوري، الدار الجامعية، بيروت، لبنان، بدون سنة طبع، ص١٦٦–١٦٩.

(١٧) عبدالغني بسيوني، مصدر سابق، ص٢٢٦. ود. ابراهيم عبدالعزيز شيحا،المصدر السابق، ص ١٦٧.

(١٨) د.داود الباز، حق المشاركة في الحياة السياسية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية،مصر، ٢٠٠٨، ص ٣٤٧ ومابعدها.

(١٩) د. عبدو سعد , النظم الانتخابية , ط١ , منشورات الحلبي الحقوقية , بيروت , ٢٠٠٥ , ص٤٧.

(٢٠) اصل ثنجاه و ششم: حاكميت مطلق بر جهان و انسان از آن خداست و هم او،انسان را بر سرنوشت اجتماعي خويش حاكم ساخته است. هيضكس نمي تواند اين حق الهي را از انسان سلب كند يا در خدمت منافع فرد يا كروهي خاص قرار دهد و ملت اين حق خداداد را از طرقي كه در اصول بعد مي آيد اعمال مي كند

بكات[٢١] . روونه كه خۆپاڵاوتن له نموونەی ئازادییه مەشروعەكانی خەڵكه و بەندی هەشت له ماددەی سێ له دەستوری ئێران، حكومەتی ناچاركردووه كه هەموو تواناكانی خۆی بۆ بەشداری كردنی گشتی خەڵك بۆ دیاریكردنی داهاتووی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و كەلتووری خۆیان بخاتەگەڕ[٢٢].

دووەم: خۆپالاوتن دەربینی ئارەزووە

هەندێك له زانایان ئاماژەو بەوەدەكەن كه خۆپالاوتن بریتیه له دەربڕینی ئارەزووی كەسێك به پێی رێكاره تایبەتاكان بۆگەیشتن به پوسته سیاسیەكان، بەواتایەكی تر واتا هەلسەنگاندی كەسێك بۆخودی خۆی بەرامیەر ئەوكەسانەی كەدەنگ دەدەن بەمەبەستی گەیشتنی بەدەسەلات و نوێنەرایەتی كردن.هەندیك جاریش ئارەزووەكه ناگەرێتەوه بۆ خودی ئەو كەسەی خۆدەپالێویت، بەلكو دەگەرێتەوه بۆ فشاری حزبه سیاسیەكان له سەر ئەوكەسه یا هاندانی ئەو كەسه بۆ خۆپالاوتن و پەیمان پیدانی به زورشتی ماددی تەنها بۆئەوی ناوی بخەنه ناو لیستی حزبەكانەوه بۆكۆكردنەوەی دەنگەكان[٢٣]. كەواته خۆپالاوتن كرداریكه كه كەسێك بەهۆیەوه خۆی دەپالێوێ (بەتەنیا یان لەناو لیستێك) بۆ هەلبژاردنێكی دیاری كراو لەگەل پابەندبوونی به بنەماكانی مەرجی خۆپالاوتن وه شێوی خۆپالاوتن. وەلەبەر ئەوەی دەربڕینی ئەم ئارەزووه رێكاری یاسای پیویسته وەك كارێكی یاسای بۆیه پیویسته ئەوكەسه بەویستی خۆی پابەندی خوی بەمەرجەكان دەربڕێت بەراشكاوی لەبەردەم لایەنی پەیوەندار بۆ پێشكەش كردن بۆ وەرگرتنی پوستێك كه دەبێ لەرێگەی هەلبژاردنەوه وەربگیرێت بەوپێیەی ئەم رێكاره به رێكارەكانی پرۆسەی هەلبژاردن دادەنرێ بۆ گەیشتن بەم پۆسته[٢٤].

١–٣–مەرجەكانی خۆپالاوتن له دەستوری ئێرانی

به پێی ماددەی (١٢٢)ی دەستوری كۆماری ئیسلامی ئێران، سەرۆك كۆمار له بەرامبەر گەل و رێبەر و ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا بەرپرسیاره و هەر ئەم دەستوره، سەرۆك كۆمار به بەرپرسی یەكەمی جێبەجێكردنی ماددە و بڕگەكانی دەستور دەزانێت[٢٥]. هەر وەكو لەم ماددەدا دەردەكەوێت كەوا ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرۆك كۆمار زۆر

---

[٢١]..... و ةيجما مقامي حق ندارد به نام حفظ استقلال و تماميت ارضي كشور، آزاديهاي مشروع را، هر جند با وضع قوانين و مقررات، سلب كنند.

[٢٢] صل سوم: دولت جمهور اسلامي ايران موظف است براي نيل به اهداف مذكور در اصل دوم، همه امكانات خود را براي امور زير به كار برد: ٨– مشاركت عامه مردم در تعيين سرنوشت سياسي، اقتصادي، اجتماعي و فرهنطي خويش.

[٢٣] كاوة محمد امين، دكتاتورية القيادات السياسية والشعارات الوهمية،٢٠١٦،ص ١٥٩. متوفر على الموقع الالكتوني التالي:-
https://books.google.iq/books

[٢٤] د. إبراهيم الوردي , النظم القانونية الانتخابية دراسة مقارنة , دار الفكر الجامعي , الاسكندرية , مصر , ٢٠٠٨ , ص٨٥

[٢٥] اصل يكصد و بيست و دوم: رئيس جمهور در حدود اختيارات و وظايفي كه به موجبقانون اساسي و يا قوانين عادي به عهده دارد در برابر ملت و رهبر و مجلس شوراي اسلامي مسئول است. اصل يكصد و بيست و سوم: رئيس جمهور

قورسه، بۆیه کاربەدەستان و دەستەی نوسەرانی دەستوری کۆماری ئێسلامی ئێران دەلێن پێویستە سەرۆك کۆمار خاوەن تایبەتمەندی و مەرجی پێویست بێت. بۆیه به پێی ماددەی ١١٥ی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرۆك کۆمار پێویستەله نێو پیاوانی ئایینی و سیاسی (رجال مژهبی و سیاسی)دا کەخاوهن ئەم مەرجانەی خوارەوه بن هەڵبژێردرێت:

١. بەڕەچەلەك ئێرانی بێت.

٢. ڕەگەزنامەی ئێرانی هەبێت.

٣. بەڕێوهبەر و مودەبیر (بەتەدبیر) بێت.

٤. خاوهن ناو و ناوبانگی باش و ئەمانهت و تەقوا بێت.

٥.بڕوای بەبنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و، مەزهەبی فەرمی وڵات هەبێت[٢٦].

هەروەك ئاماژەمان پێدا، بیانووی یاسادانەری ئێرانی بۆ دیاریکردنی ئەم مەرجانەی ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراندا، ئەوەیە کە خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار مافی هەموو کەسێکی ئێرانیە، بەڵام بە هۆی گرنگی ئەم پۆستە، دەستور و یاسا پەیوەندیدارەکان هەندێ مەرجیان دیاری کردووە[٢٧]. لە خوارەوه ئاماژە بە هەندێ لە گرنگترین ئەو مەرجانەی کە لەم ماددەیەدا دیاری کراون و بە بۆچوونی بەشێك لە چالاکوانانی سیاسی و شارەزایانی یاسایی، بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ وئازادیە گشتیەکان و بنەماکانی یاسای نێودەولەتی گشتییە وەك لە خوارەوه باسی دەکەین:

١-٣-١-پیاو بێت:

وشەی "رجال" لە زمانی عەرەبیدا بە مانای پیاو دێت و لە زمانی فارسیشدا بەتایبەت لە نووسراوە یاساییەکاندا هەر بەم مەبەستە کەڵکی لێ وەردەگیرێت و، هیچ مانایەکی تری نییە. هەروەها لە ڕواڵەتی ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێران، وا بەدیار دەردەکەوێت یەکێك لە مەرجەکانی پاڵێوراوان بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، پیاوبوونی پاڵێوراوەکەیە[٢٨] ،

موظف است مصوبات مجلس يا نتيجه همه ثرسي را ثس از طي مراحل قانوني و ابلاغ به وي امضاء كند و براي اجرا دراختيار مسئولان بطذارد

(٢٦) اصل يكصد و ثانزدهم: رئيس جمهور بايد از ميان رجال مذهبي و سياسي كه واجد شرايط زير باشند انتخاب طردد: ايراني الاصل، تابع ايران، مدير و مدبر، داراي حسن سابقه و امانت و تقوي، مومن و معتقد به مباني جمهوري اسلامي ايران و مذهب رسمي كشور

(٢٧) دكتر سيد محمد هاشمي، ستۆرضاوەتي ئێشوو، لا ٣٢٤ .

(٢٨) الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَي النِّسَاءِ.....

بەڵام زۆر جار لە نێوان یاساناساندا جیاوازی ڕا و بۆچوون سەبارەت بە مەرجی "رجال" دروست دەبێت و دوو شرۆڤەی جیاواز بۆ ئەم وشەیە، کە لەم ماددەیەدا هاتووە، لە لایەن یاساناسان و ئەنجومەنی پاراستنی دەستوری ئێرانەوە دەکرێن.

أ- شرۆڤەکە دەڵێت مەرجی پیاوبوون بۆ پاڵێوراوان پێویست ناکات" وشەی "رجال" بە مانای گشتی هاتووە و، ژنانیش لەخۆ دەگرێت و مەبەستی دەستەی نووسینەوەی دەستوری ئێران، پیاو بە مانای تایبەت نەبووە و، زۆرێك لە ژنان لە ڕوانگەی زانستی سیاسی و بەڕێوەبردنەوە دەگەنە ئاستێك، کە بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە شیاون.

ب- هەندێکی تر دەڵێن لە "فیقهی"ی ئیسلامیدا بابەتی "ویلایەت" تایبەتە بە پیاوان ، پۆستی سەرۆك کۆمار تەنیا بابەتی "وەکالەت" نییە، بەڵکوو جۆرێك لە "ویلایەتە". [٢٩] بە گەڕانەوە بۆ پرۆتۆکۆلی شارەزایانی دەستوری ئێران و بە بۆچوونی هەندێ لە زانایانی ئایینی کە لە کۆبوونەوەکان لەکاتی داڕشتنی دەستوری ئێراندا ئامادە بوون، ئاشکرایە کە مەبەستیان لە مەرجی پیاوبوون بە مانای تایبەتە و، پێویستە سەرۆك کۆماری ئێران پیاو بێت" چونکە لە سیستەمی ئیسلامیدا ژن ناتوانێت پۆستی دەسەڵاتداری بەتایبەتی پۆستی سەرۆك کۆماری وەربگرێت. بە سەرنجدان بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشووی سەرۆك کۆماری ئێران، دەردەکەوێت کەوا ژن ناتوانێت پاڵێوراوی ئەم پۆستە بێت" چونکە لە ١١ خولی ڕابردوودا هیچ ژنێك نەیتوانیوە لە فلتەری ئەنجومەنی پاراستنی دەستوری ئێران، ، ڕزگاری بێت. هەرچەندە بە دەیان ژن ناوی خۆیان بۆ ئەم پۆستە تۆمار کردبوو. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، (٨٩) ئافرەت ناوی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران تۆمار کردبوو، لە کاتێکدا ژنی تێدا بوو کە چەند خول ئەندامی پەرلەمانی ئێران بوو، بەڵام هەموویان بە هۆکاری ئافرەتبوونەوە ڕەت کرانەوە[٣٠] ئەم بابەتە، واتا دروستکردنی بەربەست و جیاوازی ڕەگەزی بۆ ئافرەتی ئێران، بووەتە جێگەی ڕەخنەی زۆرێك لە چالاکوانانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ساڵانە لە ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤدا ئاماژە بەم جیاوازییە ڕەگەزییە دەکرێت و سەرکۆنەی دەکەن. هەروەها لە ئێستادا ئەم شرۆڤەیە بۆ ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێران، کە ئافرەتی ئێرانی توانای بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی ئەرکی سەرۆك کۆماری نیە، خۆی لە خۆیدا بێ ڕێزییە بە هەموو ئافرەتانی ئێران کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بوونیان هەیە[٣١].

هەروەها وشەی "رجال" کە لە ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراندا هاتووە، دەبێتە هۆی جیاوازی ڕەگەزی، کە نیوەی کۆمەڵگە لە مافێکی سروشتی خۆیان بێبەش دەکات. ئەوەی کە بووەتە هۆکاری بێبەشکردنی ئافرەتان لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار، تێڕوانین و شرۆڤەیە بۆ بڕگە ئایینییەکان، کە کاربەدەستانی ئێران بەکاری دێنن[٣٢].

---

[٢٩] عباس علي، عميد زنجاني، كليات حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، تهران: انتشارات مجد، جلد٣، ١٣٨٧،ص ٥٤.

[٣٠] سەرچاوەی پێشوو،لا ٣٤.

[٣١] ابوالفضل، قاضي شريعت ثناهي، حقوق اساسي و نهادهاي سياسي، تهران، انتشارات دانشطاه تهران، جلد ٤، ١٣٧٢،ص٨٩.

[٣٢] الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ

هەروەها وشەی پیاویش کە لە ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراند ئاماژەی پێکراوە و بووتە لەمپەر لە بەرامبەر نیوەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی ئێران، هەڵقوڵاوی تێڕوانینی پیاوانی ئایینی، ئەندام لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوری ئەم وڵاتەیە[٣٣]. چونکە بابەتی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا بابەتێکی نوێیە کە پاش شۆرشی ئێران لە فقهی شیعەدا لە لایەن پیاوە ئایینییەکانەوە ئاماژەی پێکراوە و لە راستیدا فقهی شیعە لە بنەمادا سەبارەت بەم بابەتە بێدەنگە. بەڵام ئەو بۆچوونەی کە تا رادەیەك لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا یەك دەگرێتەوە، یاساناسانیش تا رادەیەك لە سەری کۆکن، ئەوەیە کە ئەگەر ویلایەت تایبەتە بە پیاوان وەلی فەقیە دەبێت پیاو بێت، پۆستی سەرۆك کۆمار ویلایەتە و وەکالەت نیە و پوستێکی جێبەجێکارییە، بۆیە ناکرێت ژنان لەم مافە بێبەش بکرێن[٣٤]. لەوەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەویت کە دەستوری کۆماری ئسلامی ئیران هەروەك زۆربەی دەستووری وولاتە ئیسلامیەکان پابەند بووە بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی[٣٥]. بەلام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل لەگەل رێکەوتنەکانی مافەکانی مرۆڤ و رِیکەوتنامەکانی تایبەت بەپرسی ئافرەتان[٣٦]

١-٣-٢-مەزهەبی و سیاسی:

لە ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراندا لە دوو جێگەی ئەم ماددەیەدا وشەی "مەزهەب" بەکار هاتووە: یەکێکیان لە ناوەڕۆکی ماددەکەدا کاتێك دەڵێت: (پیاوانی ئایینی و سیاسی)" دووەمیان کاتێك لەم ماددەیەدا مەرجەکانی پاڵێوراوانی سەرۆك کۆمار هەژمار دەکات، لە دواین مەرجدا دەڵێت: باوەڕدار بەمەزهەبی فەرمی وڵات "معتقد به مژهب رسمی کشور". وشەی مەزهەب، وەك چۆن وشەی "رجال" لە ڕوانگەی ڕەگەزییەوە لەمپەرە بۆ خۆپاڵاوتن هاووڵاتی ئێرانی، لە ڕوانگەی بیروباوەڕی ئایینییەوە دەبێتە لەمپەرێکی تر بۆ هاووڵاتیی ئێرانی بە مەبەستی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار.

وشەی مەزهەب بە مانای گشتی، پەیڕەوانی هەموو ئایینەکان تر، جگە لە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام، جیا دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ناشیاویان بۆ خۆپاڵاوتن بۆ ئەم پۆستە، چونکە هەروەکوو شارەزایانی پاراستنی دەستوری ئێران دەڵێن،

---

(٣٣) دكتر حسن حبيبي، رابطة سياسي مجلس و قوة مجرية، نشرة دانشكدة دانشطاة شهيد بهشتي، شمارة اول، سال ١٣٦٤، ص٦٧.

(٣٤) دكتر قاسم قاسم زادة، حقوق اساسي، انب سينا، ضاث هفتم، تهران، ١٣٨٠، ص ١٥٥.

(٣٥) پاش بەراوردکردنی رای ئەو دووگروپەی کە هەنێکیان دەڵێن دەکرێ و ئەوانی تر دەڵێن نابێت ئافرەت ولایەتی عوزما وەربگری بۆمان دەرکەوت کە بەلگەی ئەوانەی دە دەلین نابێت ئافرەت ویلایەتی عوزما وەربگرێت بەهیز تر بوون بۆ رای یەکلاکەرەوەیە نابێت ئافرەت خۆی بپالێوێ بۆ پوستی سەرۆکایەتی کۆمار.بوزیاتر زانیاری بروانە: جودت عبد طه المظلوم، حق المرأة في الولاية العامة في ضوء الشريعة الاسلامية، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الشريعة والقانون في الجامعة الاسلامية بغزة.٢٠٠٦، ص٣٧.

(٣٦) بروانە ماددەی دوو لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وە ماددەی سێ تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، وەهەروەها ماددەی یەك و دوو و سێ لە جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی هەموو جورە جیاوازیەك وە بروانە ماددەی پانزە لەرێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیەك دژی ئافرەتان.

ئێران وڵاتێکە لەسەر بنەمای باوەڕ بە ئایینی ئیسلام دامەزراوە و، ئاشکرایە کە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وڵات پێویستە پابەندی ئەم بنەمایە بن، تا وەکو خۆیان دەڵێن بتوانن درێژەپێدەری ئەم سیستەمە بن[٣٧].

ئەگەر پەیڕەوانی هەموو ئایینە جیاوازەکان جگە لە ئیسلام و، هەموو بێباوەڕان بە ئایینە ئاسمانییەکان، لە ڕێگەی مەرجی مەزهەبەوە کە لە ناوەڕۆك ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراندا دەستنیشان کراوە، لە ڕێگەی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوری ئێرانەوە ڕەت دەکرێنەوە، ئەوا پەیڕەوانی ئایینی ئیسلامیش لە ڕێگەی مەرجی دووەم کە لە دواین مەرجی ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراندا هاتووە و، هەموو پەیڕەوانی ئایینی ئیسلامی بەسەر پەیڕەوانی مەزهەبی فەرمی وڵات و پەیڕەوانی مەزهەبی نافەرمیەکاندا دابەش کردووە و، تەنیا پەیڕەوانی مەزهەبی فەرمی وڵات دەتوانن بگەنە پۆستی سەرۆك کۆماری ئێران. چونکە لەم مەرجەدا دەڵێت: "معتقد به مژهبی رسمی کشور"" واتا باوەڕ و ئیمانی بە مەزهەبی فەرمی وڵات هەبێت. بەپێی ماددەی ١٢ لە دەستوری ئێران، مەزهەبی فەرمی وڵات، "مژهب اپنی عشری است"[٣٨] واتە مەزهەبی ١٢ ئیمامی، کە دەکاتە شیعەی ١٢ ئیمامی. بۆیە ئەم مەرجە هەموو پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام کە خۆیان لە مەزهەبە جیاوازەکاندا دەبیننەوە، ناشیاون بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئێران و، زۆر بە ئاسانی لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستوری ئێرانەوە ڕەت دەکرێنەوە و، تەنیا پەیڕەوانی مەزهەبی دوازدە ئیمامی مافی خۆپاڵاوتن و وەرگرتنی ئەم پۆستەیان هەیە.لەڕاستیدا ئەمە دەقە دەستوریە زۆر ئاکاری خراپی لێدەکەوێتەوە :

یەکەمیان دروست کردنی دووبەرەکی و تایفەگەری لێدروست دەبێت کە ئەمەش دژی ماددەکانی ڕێکەوتنامەی نێودەولەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیەکی ڕەگەزیە١٩٦٥ کە لەدەقی ماددەی (١)هاتووە(مەبەست لە جیاوازی ڕەگەزی هەموو جورە جیاوازێك یان ریزپەرێك یان کۆتوبەند کردنێ کە لەسەر بنەمای وەچە، ڕونگ، نەسەب، نەتەوە، ئیپنیك، کە ئامانجی لەمپەر دروست کردن بێت بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان...هتد)[٣٩]. وە هەروەها ئەم دەقە دەستوریانەی کە بۆنی دروست بوونی دووبەرکی و جیاکاری لێدێت دژی ماددەی (٢٠) لە ریکەوتننامەی نێودەولەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و شارستانیەکانە ١٩٦٦کە تیایدا هاتووە (پیویستە بە یاساقەدەغەبکری هەموو جۆرە بانگەشەیەك بو دروست بوونی رق و کینەی نەتەوەی و ڕەگەزی و ئایینی...هتد) وەهەروەها دژوارە لەگەل مادەی (٢٥) لەهەمان ڕێکەوتنامە پیشوو کە جەخت مافی بەشداریکردن لەبەریوەبردنی کاروباری وولات دەکاتەوە[٤٠].

دووەم :جیاوازی کردن لەسەر بنەمای ئاین هەروەك لە دەستووری ئێرانیدا هاتووە دەبێتەهۆی نایەکسانی و نادادپەروەری لە سیتەمی سیاسی و حوکمرانی وولات. کە ئەمەش بەپێ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی هیچ دەقێك نیە لە جیاوازی

---

(٣٧) دكتر سيد جلال الدين مدني، حقوق اساسي در جمهوري اسلامي ايران، انتشارات سروش، سال ١٣٦٩، ص ٤٣.

(٣٨) اصل دوازدهم. دين رسمي ايران، اسلام و مذهب جعفري اثني عشري است و اين اصل الي الابد غير قابل تغيير است.....

(٣٩) بروانەدەقەکانی ڕێکەوتنامەی نێودەولەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیەك، کە بەبریاری نەتەوەیەکگرتوەکان لە ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٦٥ دەرچووە وە لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٩ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

(٤٠) بروانەدەقی ماددەی(٢٥) لەریکەوتنامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ١٩٦٦.

بكات لەسەر بنەمای مەزهەبی لەنێوان هاوولاتیان ، باشترین نموونەش سەرۆك كۆماری عێراق كەسێكی سونە مەزهەبە لەگەل ئەوەی زورینەی دانیشتوانەكەی شیعە مەزهەبن[٤١].

١-٣-٣-بەڕەچەڵەك ئێرانی بێت. (ایرانی الاصل).

ماددەی ٩٧٦ لە یاسای شارستانی ئێران، ئەو كەسانەی كە بە ئێرانی هەژمار دەكرێن دیاری كردووە[٤٢]" بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئاماژەیەك بە ئێرانی ڕەسەن بكات[٤٣]. ئەم دەستەواژیە بۆ یەكەم جار لە ماددەی ٣٧ و ٥٨ لە ساڵی ١٩٤٦دا لە دەستوری ئەو كاتەی "مشروگە"دا بۆ دیاریكردنی پۆستی وەزیر، وەكو مەرج دەستنیشان كرابوو. ئەم مەرجە جارێكی تر لە دەستوری نوێی ئێراندا ڕەنگی دایەوە كە دەڵێت ئەو كەسەی دەبێتە سەرۆك كۆماری ئێران، بە لایەنی كەمەوە باوكی، خەڵكی ئێران بێت. لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتەوە، جیاوازی هەیە لە نێوان كەسێك كە ئێرانی ڕەسەن بێت و كەسێك كە ڕەگەزنامەی ئێرانی هەبێت: ئێرانی ڕەسەن، فراوانترە لە ڕەگەزنامەی ئێرانی" دەكرێت كەسێك ڕەگەزنامەی ئێرانی هەبێت،بەڵام ئێرانی ڕەسەن نەبێت. بۆیە دەبێت خۆی و باوكی، ڕەگەزنامەی ئێرانیان هەبێت" واتە هەر بە ڕەگەز ئێرانی بێت، تاوەكو بتوانێت ناوی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری ئێران تۆمار بكات، لە كاتێكدا لە یاسای زۆرێك لە وڵاتان، تەنیا مەرجی ڕەگەزنامە، وەكو مەرج دیاری كراوە[٤٤]. ئستاندارده سەرەتاییەكان و بنچینەی هەڵبژاردنی ئازاد، لە ماددەی (٢٥) لە پەیماننامەی نێودەولەتی تایبەت بە مافە مەدەنی– سیاسیكان بە شێوەیەكی زۆر ڕوون ئاماژەی پێكراوە ئەم ماددەیەش هەڵگری دوو چەمك و مافی بنچینەییە.كە ئاماژە بەوە دەكات هەممو هاولاتیەك بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەكی كە لماددەی دوو هاتووەئەم مافانەی هەیە وەنابێ هیچ كۆتو بەندێكی ناماقولی بخریتە پێش –:

---

[٤١] بوانە یاسای ژمارە(٨) سالی ٢٠١٢ ی عێراقی تایبەت خۆپالاوتن بۆ سەرۆكی كۆمار

[٤٢] ماده ٩٧٦ قانون مدني ايران اشخاص ذيل تبعة ايران محسوب مي شوند ١– كليۀ ساكنين ايران به استثناي اشخاصي كه تبعيت خارجي آنها مسلم باشد. تبعيت خارجي كساني مسلم است كه مدارك تابعيت آنها مورد اعتراض دولت ايران نباشد. ٢- كساني كه ثدر آنها ايراني است اعم از اين كه در ايران يا در خارجه متولد شده باشند. ٣- كساني كه در ايران متولد شده و ثدر و مادر آنها غير معلوم باشند. ٤- كساني كه درايران از ثدر و مادر خارجي كه يكي از آنها در ايران متولد شده بوجود آمده اند. ٥- كساني كه در ايران از ثدري كه تبعه خارجي بوجود آمده و بلافاصله ثس از رسيدن به سن هجده سال تمام لااقل يكسال ديطر در ايران اقامت كرده باشند والا قبول شدن آنها به تابعيت ايران بر طبق مقرراتي خواهد بود كه مطابق قانون براي تحصيل تابعيت ايران مقرر است. ٦– هر زن تبعه خارجي كه شوهر ايراني اختيار كند. ٧-هر تبعه خارجي كه تابعيت ايران را تحصيل كرده باشد

[٤٣] دكتر محمود سلجوقي، حقوق بين الملل خصوصي، جلد اول، انتشارات دفتر خدمات حقوقي بين المللي، ١٣٧٠، ص ٢٠٥

[٤٤] بۆ نموونە لە ماددەی دوو لە دەستوری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، باس لە ڕەگەزنامە دەكات و هیچ ئاماژەیەك بە ئەمریكای ڕەسەن ناكات

یەکەم. بە فەرمی ناساندنی مافی بەشداریکردنی سیاسی وەکو مافێك بۆ هەموو هاوولاتیەك بە بێ جیاوازی و بە شێوەی ئازادانە.

دووەم. گەرەنتیکردنی ئەم مافە[٤٥].

بەڵام ناوەڕۆکی ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێران،لە راستیدا دژی ناوەڕۆکی ئەم ماددەیەبچونکە کۆت و بەندەکانی ماددەی ١١٥ لە دەستور و ماددەی ٣٥ لە یاسای هەڵبژاردنەکان ئێران، بەشێکی زۆر لە هاوولاتیانی ئێرانی، لە مافە سەرەتاییەکانیان سەبارەت بە خۆپاڵاوتن بێبەش کردووە. ناوەڕۆك ماددەکانی ١١٥ لە دەستور و ماددەی ٣٥ لە یاسای هەڵبژاردنی ئێران، جگە لەوەی دژی ناوەڕۆکی ماددە و بڕگەکانی پەیماننامەی مەدەنی–سیاسی و جارنامەی مافی مرۆڤە، لەگەڵ ماددەکانی ١٩ و ٢٠ لە خودی دەستوری ئێرانیشدا یەك ناگرێتەوە، چونکە لەم دوو ماددەدا دەڵێت هەموو دانیشتوانی ئێران بە شێوەیەکی یەکسان بێ رەچاوکردنی ئایین، زمان، رەنگ و.... یاسا دەیانپارێزێت[٤٦]. لە کاتێکدا ماددەی ١١٥ی دەستور و ماددەی ٣٥ لە یاسای هەلبژاردنەکانی ئیران، هاوولاتی ئێرانیان بۆ پلە یەك و دوو

---

(45) Article 25 .
Every citizen shall have the right and the opportunity, without any of the distinctions mentioned in article 2 and without unreasonable restrictions:
(a) To take part in the conduct of public affairs, directly or through freely chosen representatives;
(b) To vote and to be elected at genuine periodic elections which shall be by universal and equal suffrage and shall be held by secret ballot, guaranteeing the free expression of the will of the electors;
(c) To have access, on general terms of equality,
to public service in his country.

(٤٦) هەر وەکوو دەستەی نووسەرانینەوەی دەستووری ئێران دەڵێن سەرچاوەی ماددەی (١٩و٢٠) لەدەستووری ئێران ئەم ئایەتەو ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە (ص)
(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) الحجرات:١٣ .
فمن المبادئ التي انطوت عليها خطبة النبي صلى الله عليه وسلم في حجة الوداع1 :ـ الإنسانية متساوية القيمة في أي إهاب تبرز، على أية حالة تكون، وفوْق أيِّ مستوى تتربع عَنْ أَبِي نَضْرَةَ قَالَ: حَدَّثَنِي مَنْ سَمِعَ خُطْبَةَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي وَسَطِ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ فَقَالَ:– (يَا أَيُّهَا النَّاسُ، أَلَا إِنَّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ، وَإِنَّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ، أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ، وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ، وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ، وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلَّا بِالتَّقْوَى، أَبَلَّغْتُ ؟ قَالُوا: بَلَّغَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّ يَوْمٍ هَذَا ؟ قَالُوا: يَوْمٌ حَرَامٌ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّ شَهْرٍ هَذَا ؟ قَالُوا: شَهْرٌ حَرَامٌ: قَالَ: ثُمَّ قَالَ: أَيُّ بَلَدٍ هَذَا ؟ قَالُوا: بَلَدٌ حَرَامٌ، قَالَ: فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ بَيْنَكُمْ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ، هَذَا فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، أَبَلَّغْتُ ؟ قَالُوا: بَلَّغَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: لِيُبَلِّغْ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ)

دابەشکردووە و تەنیا هاوولاتیانی شیعەی دوانزە ئیمامی کە پەیرەوی ویلایەتی فەقین هاوولاتی دەرەجە یەکن، پێکهاتەکانیتری دانیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو هاوولاتی پلە دوو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت و بێبەشکراون لە زۆرێك لە مافە شارستانی و سیاسیٚ سەرەتاییەکان.

٢–ڕەوایی یاسای هەڵبژادنی سەرۆك کۆمار لەئێران بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی

جێگای ئاماژە پێکردنە پێش ئەوەی باس لە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئیران بکەین لێردا بە پیویستی دەزانم کە تیشك بخەینە سەر ئەنجوومەنی پاراستنی دەستووری لەئێران.

هەرچەندە لە ماددە و بڕگە جیاوازەکانی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەند دەزگایەك بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دیاری کراون، بەڵام هەموو دەسەڵاتە یەکلاکەرەوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی پاراستنی دەستوری ئەم وڵاتە. ئەم ئەنجومەنە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەنجومەنێکی باڵایە" چەند ماددەیەك لە دەستوری ئەم وڵاتە، چۆنیەتی دیاریکردنی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە و ئەرکەکانیانی دیاری کردوون[٤٧]. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە زیاتر یاسایین، بەڵام ڕۆڵی ڕەهای ئەم ئەنجومەنە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ئێران و کاریگەرییان لە سەر بەشێك لە دامودەزگا جیاوازەکانی نێوخۆی ئێران کە هەیەتی و، پشتیوانی شەخسی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەم ئەنجوومەنە، پێگەی سیاسی ئەم ئەنجومەنەی بەرچاوتر کردووە. بە هۆی ڕۆڵی گرنگی ئەم ئەنجومەنە لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا، لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بە چۆنیەتی دیاریکردنی ئەندامانی و ئەرکەکانیان دەکەین. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە، لە دوو گرووپ پێك دێن کەشێوازی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانیان جێگەی سەرنجە. گرووپی یەکەم: (زانایانی ئایینی). بەپێی ماددەی ٩١ لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستور لە ١٢ کەس پێك دێن کە شەش کەسیان پیاوی ئایینین و بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن شەخسی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ دەستنیشان دەکرێن[٤٨]. گرووپی دووەم: (یاساناسان) بریتین لە

---

[٤٧] ماددەکانی ٩١ تاوەکو ١١٠ لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران ئاماژە بە ئەنجوومەنی پاراستنی دەستور و شێوازی هەڵبژردن و ئەرکەکانیان دەکات.

[٤٨]اصل نود و یکم: به منظور ثاسداري از احکام اسلام و قانون اساسي از نظر عدم مغایرت مصوبات مجلس شوراي ملي با آنها، شورایي به نام شوراي نطهبان با ترکیب زیر تشکیل مي شود

١- شش نفر از فقهاي عادل و آطاه به مقتضیات زمان و مسائل روز انتخاب این عده با مقام رهبري است.

٢- شش نفر حقوقدان، در رشته هاي مختلف حقوقي، از میان حقوقدانان مسلماني که به وسیله رئیس قوه قضائیه به مجلس شوراي ملي معرفي مي شوند و با راي مجلس انتخاب مي طردند.

شەش کەسی یاساناس لە بەشە جیاوازەکانی یاسادا. لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دەزگای دادوەری بۆ پەرلەمان، ئەم شەش کەسەیاساناسە موسڵمانە لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ هەڵدەبژێردرێن[٤٩].

ئەوەی جێگەی تێبینییە، خودی سەرۆکی دەزگای دادوەری کە پێشنیاری ئەم شەش کەسە یاساناسە بۆ پەرلەمان دەکات، خۆی لە لایەن شەخسی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستنیشان دەکرێت. کەواتە ئەم شەش یاساناسەش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەڵدەبژێردرێن. بۆیە ئەنجومەنی پاراستنی دەستور بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی شەخسی ڕێبەری ئێراندایە و، جگە لە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر شەخسی ڕێبەردا نەبێت، وهڵامی هیچ دامودەزگایەکی تر ناداتەوە. ئەم ئەنجومەنە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی شیاوێتی پالێوراوەکانی سەرۆك کۆماری ئێراندا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە ، بە ووتەی چالاکوانانی سیاسی، تەنیا شیاوێتیی کەسانێکی تایبەت کە سەر بە گرووپێکی دیاریکراون پەسەند دەکات[٥٠].

ئەوەی گرنگە سەبارەت بە ئەنجومەنی پاراستنی دەستور بەو شێوازەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ داوە، بەپێی بەندی ٩ لە ماددەی ١١٠ لە دەستوری ئێران، ئەرکی هەڵسەنگاندنی شیاوێتی پالێوراوانی سەرۆك کۆمار، پێویستە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە دیاری بکرێت. یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجومەن پاراستنی دەستور بە پێی ماددەی ١١٠ لە دەستوری ئێران مۆڵەتی داوەو بە پێویست دەزانێت، ئەنجوومەن لە ڕوانگەی سیاسی، ئایینی و نەتەوەییەوە هەڵسەنگاندن بۆ شیاوێتی هەموو پالێوراوانی(کاندیدانی) سەرك کۆمار بکات. لە کاتێکدا پرۆسەی هەڵسەنگاندنی شیاوێتی لە ڕوانگەی سیاسی و ئایینی و هتد... لە یاسای زۆربەی وڵاتان قەدەغە کراوە و تەنیا لە باری تایبەتدا نەبێت" هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە، لێپێچینەوە لەم بابەتە و، لە سەر ئەم بنەمایە جیاکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکات[٥١].

هەروەها جگە لە هەڵسەنگاندنی شیاوێتیی پالێوراوان، لە هەموو قۆناغەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردندا، بەرپرسیارێتی چاودێری لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری بەپێی ماددەی ٩٩ لە دەستوری ئێران لە ئەستۆی ئەم ئەنجومەنەدایە[٥٢]. ئەوەی زیاتر دەستی ئەم ئەنجومەنەی والا کردووە، ئەوەیە کە بەپێی ماددەی ٩٨ لە دەستوری

---

(٤٩) اصل يكصد و ثنجاه و هفتم: به منظور انجام مسئوليت هاي قوه قضائيه در كليه امور قضايي و اداري و اجرايي مقام رهبري يك نفر مجتهد عادل و آطاه به امور قضايي و مدير و مدبر را براي مدت ثنج سال به عنوان رئيس قوه قضائيه تعيين مي نمايد كه عاليترين مقام قوه قضائيه است.

(٥٠) دكتر سيد محمد هاشمي، بررسي تطبيقي و موضوع بازنطري قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، مجلة تحقيقات حقوقي، دانشكدة حقوق دانشطاة شهيد بهشتي، شمارة ٨، ثاييز و زمستان ١٣٦٩. ص

(٥١) دكتر ابوالفضل قاضي شريعت ثناهي، حقوق اساسي و نهادهاي سياسي، جلد اول، مباني و كليات، انتشارات دانشطاة تهران، شمارة ٢٠٣٣ سال ١٣٦٨. ص ٧٧.

(٥٢) اصل نود و نهم: شوراي نطهبان نظارت بر انتخابات مجلس خبرطان رهبري، رياست جمهوري، مجلس شوراي اسلامي و مراجعه به آراء عمومي و همه ثرسي را بر عهده دارد.

ئێران، ئەركی شرۆڤەی دەستور لە ئەستۆی ئەم ئەنجومەنەیە. بۆیە هەر جۆرە ناڕوونییەك كە ببێتە جێگەی سەرنج و ڕەخنەی یاساناسان، دووبارە دەچێتە بەردەست ئەنجومەنی پاراستنی دەستور و، لە لایەن خودی ئەم ئەنجومەنەوە شرۆڤەی بۆ دەكرێت[٥٣].

جێگای ئاماژە پێكردنە لە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری ئێران پرەنسیپی جیاكاری نەكردن (عدم التمییز) بەرادەیەكی زۆر پێشیل كراوە هەرچەندە ئەم پرەنسیپە دەبێتە هۆی ئەوەی كە یەكسانی لە نێوان هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵگە ڕەچاو بكرێت و دەرفەتێكی هاوشێوە بۆ بەشداری كردن لە هەڵبژاردن، بە بێ ئەوەی هۆكاری ڕەنگ، ڕەگەز، نەژاد، زمان و ئایین گرنگی هەبێت.هەروەك كە بنەماكانی یاسای نیودەولەتی گشتی جەختی لەسەر دەكاتەوە لەرێگەی رێكەوتنامە نێودەولەتیەكان و جارنامەو كۆنگرەنێودەولەتیەكانی تایبەت بەم پرسە.

هەروەك ئاماژەمان پێ داوە، ئێران یەكێكە لەو وڵاتانەی كە خۆی بە بڕگەكانی ڕێككەوتننامەی تایبەت بە مافە مەدەنیو سیاسییەكان پابەند كردووە. ماددەی ٢٥ لەم ڕێككەوتننامەیە چەند بنەمایەكی دیاریكراوی سەبارەت بە بابەتی هەڵبژاردن و مافی هاووڵاتیان لەم پرۆسەدا دیاری كردووە[٥٤]، كاتێك ئەم مافەی بە هەر هاووڵاتییەك داوە بەبێ ڕچاوكردنی هیچ جۆرە جیاوازییەكی ڕەگەزی، ئایینی و سیاسی كە لە ماددەی دووەمدا ئاماژەی پێ كراوە و بە بێ سنوورداركردنی ناڕەوا، ماف و دەرفەتی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان لە هەڵبژاردنێكی ڕاستەقینەدا كە بە شێوەی خولی ئەنجام دەدرێت، هەیە. بە شیكردنەوەی بۆ دەستور و یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری ئێران، ئەو بەربەست و لەمپەرانەی كە ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی بڕگەكانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و ڕێككەوتننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی سیاسیەكان بەدی دەكرێن كە بریتین لە:

---

[٥٣] . صل نود و هشتم: تفسیر قانون اساسی به عهده شوراي نطهبان است كه با تصویب سه چهارم آنان انجام می شود.

[٥٤] Article 25

Every citizen shall have the right and the opportunity, without any of the distinctions mentioned in article 2 and without unreasonable restrictions:

(a) To take part in the conduct of public affairs, directly or through freely chosen representatives;

(b) To vote and to be elected at genuine periodic elections which shall be by universal and equal suffrage and shall be held by secret ballot, guaranteeing the free expression of the will of the electors;

(c) To have access, on general terms of equality,
to public service in his country.

٢-١- جیاوازیی ڕەگەزی:

لە ماوەی ئەم ٣٦ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە تا ئێستا ١١ خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بەڕێوە چووە، هیچ ژنێك نەیتوانیوە لە فلتەری ئەنجومەنی پاراستنی دەستور دەرباز بێت و، بەشداری لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێراندا بکات. چالاکوانانی مافی مرۆڤ دەڵێن، بێبەشکردنی نیوەی دانیشتووانی کۆمەڵگە لە خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری وڵات، نیشانەی تێڕوانینێکی ئایینییە کە بە پێی پرەنسیپەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەی مەدەنی– سیاسی، ڕێگەپێنەدراوە. هەروەها ئەم جۆرە دەقە دەستوریە و شرۆڤەی لایەنی پەیوەندیدار، جۆرێك لە بەها کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و، لە لای ژنان ئەم پرسیارە دروست دەکات کە دەسەڵاتداران، ژنان تەنیا وەکو ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دێنن" لە کاتێکدا ژنانی بەتوانا زۆرن، کە توانای بەڕێوەبردنی پۆستی سەرۆك کۆماریان هەیە" لە لایەکی ترەوە ئەوە کۆمەڵگەیە دەبێت بڕیار لەسەر دەستنیشان کردنی ژن یان پیاوبوونی سەرۆك کۆمارەوە بدات، نەوەك ئەنجومەنی پاراستنی دەستور کە خۆیان لە لایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون.

هەر چەندە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە شرۆڤەی بەربڵاوی وشەی"رجال" لە ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێراندا هەیە، دەڵێن هیچ هۆکارێکی یاسایی و شەرعی کە ببێتە هۆی بەربەست سەبارەت بە خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار نیە[٥٥]. لەمەی سەروەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەقی ماددەی ١١٥ی دەستوور پێچەوانەی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەولەتی و جارنامەی جیهانی بۆمافەکانی مرۆڤ جارنامەی کارەکانی کۆنگرەی بەکین سەبارەت بە پرسی ئافرەتان و جیاوازی نەکردن لەنێوان پیاوان و ئافرەتان لە بەرێوە بردنی کاروباری وولات و بەشداری سیاسی ئافرەتان لەهەموو کایەکانی بەرێوەبردنی وولات[٥٦].

٢-٢-جیاوازی سیاسی:

چاودێری ڕەهای ئەنجومەنی پاراستنی دەستوری ئێران (نظارت استصوابی) کە لەم پڕۆسەدا ژمارەیەکی زۆر لە پالێوراوان هەڵسەنگاندنی شیاوێتیان بۆ دەکرێت، بە هۆکاری سیاسی، یاسایی ڕەت دەکرێنەوە و لە کردەوەدا لەمپەڕێك لە بەردەم هەموو دەنگە جیاوازەکان لە ئێراندا دروست دەکات" کە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا دژایەتی هەیە و یەك ناگرنەوە. هەروەها یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران بەڕوونی دژی هەر جۆرە بیروڕایەکی جیاوازە، چونکە پێویستە هەموو پالێوراوەکان بە شێوەی کرداری، باوەڕیان بە ئیسلام و بنەماکانی کۆماری ئیسلامی هەبێت و، وەفاداری خۆیان بۆ بنەمای ویلایەتی ڕەهای فەقیی "ولایت مگلقه فقهیه" دەربڕن. چالاکوانانی مافی مرۆڤ

---

[٥٥] دکتر سید محمد هاشمي، حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، جلد دوم، مجمع آموزش عالي قم، سال ١٩٩٦،ص ٣٢٧.

[٥٦] بروانە جارنامەی کارەکانی کۆنگرەی نێودەولەتی بەکین لا ٢٢٠–٢٣٣ وەهەروەها لا١٨١–١٩٥ کە بلاوکراوەتەوە لەسەر پێگەی ئەلکترونی خوارەوە: http://www.un.org/womenwatch/daw/beijing/pdf/BDPfA%20A.pdf

دەڵێن دانانی مەرجی تایبەت و ناچارکەر، بەو شێوەی کە لە ماددەی ٢٨ لە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا هاتووە، دەرگەی بە ڕووی بەشێکی زۆر لەو کەسانە کە خاوەنی بیر و ڕای جیاوازن، داخستووە.

هەروەها لۆژیکی نیە هەموو دانیشتوانی وڵات ناچار بە یەکپارچەیی وڵات، کە هەڵگری ئایین و مەزهەب و نەتەوەی جیاوازن، بکرێن و، لە لایەکی ترەوە لە مافە سەرەتاییەکانی کە هەر هاووڵاتییەك بەپێی دەستور پێویستە هەیبێت، بێبەش بکرێن و تەنیا ئایین و بیروباوەڕی بەشێکی بچووك لە کۆمەڵگە، بکرێتە بنەما و بەسەر هەموو دانیشتوانی کۆمەڵگەدا بسەپێندرێت. بۆیە زۆرێك لە چالاکوانانی سیاسی پێیان وایە کە سەرۆك کۆماری ئێران لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستورەوە دەستنیشان دەکرێت" چونکە ئازادی خۆپاڵاوتن کە مەرجی سەرەکییە لەم پرۆسەدا بوونی نییە و، تەنیا خاوەن یەك جۆرە هزری سیاسی پێناسەکراو، دەتوانن لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی شیاوێتیدا لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە دەرباز بن.

٢-٣-جیاوازی ئایینی:

تیۆری "ولایت مگلقه فقهیه" کە سەرچاوەکەی بۆ مەزهەبی شیعە دەگەڕێتەوە، لە ئیستادا بنەمای حکومەتی ئێرانە و "وەلی فقهی" جگە لە پێگەی سیاسی، خاوەن پێگەیەکی ئایینیی تایبەتە و خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە. ئەم تیۆرە هەموو ئەو پاڵێوراوانەی کە باوەڕی کردارییان بە بنەمای "ولایت مگلقه فقهیه" و سیستەمی کۆماری ئیسلامی نەبێت، هەرچەندە پەیڕەوی مەزهەبی فەرمی وڵاتیش بکەن، ڕەت دەکاتەوە. مەترسی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە ئایین بەتەواوەتی تێکەڵ بە سیاسەت دەکات و، پاڵێوراوان لەسەر بنەمای باوەڕی ئایینی دابەش دەکرێن و، دەبێتە هۆی جیاکاری لە نێوانیاندا[٥٧].

ئەم جیاکارییەش، جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی موسڵمان و ناموسڵمان، خودی موسڵمانانی شیعە و سوننەیش لێك جیا دەکاتەوە و، هەروەها پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەیش کە باوەڕیان بە تیۆری "ولایت مگلقه فقهیه" نیە، نەشیاون بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار. بۆیە لە ڕاستیدا، هەرچەندە لە ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێران دەڵێت "پەیڕەوانی مەزهەبی فەرمی" و، لە ماددەی ١٢ی دەستوردا "مەزهەبی فەرمی وڵات بە شیعەی ١٢ ئیمامی" بەفەرمی ناسراوە، بەڵام لە کردەوەدا باوەڕ بە تیۆری "ولایت مگلقه فقهیه" و شەخسی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، کە خاوەن هزری سیاسی دیاریکراوە، پێوەرە بۆ پاڵێوراوان.

---

(٥٧) آصفي، محمدمهدي، مباني نظري حكومت اسلامي، ترجمة محمد سثهري، تهران: مجمع جهاني تقريب مذاهب اسلامي، ١٣٨٥، ص ١٢

بابەتێکی تر کە جێگەی ئاماژەیە، خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار مافێکی یاسایی هەر تاکێکی ئێرانیە، لە لایەکی ترەوە دەنگدانیش هەروەکو خودی زانایانی ئایینی ئێرانی دەڵێن هەم مافە و هەم ئەرکێکی نیشتمانییە[٥٨]، بەڵام لە ڕوانگەی دەروونیە و بۆ هەر تاکێکی ئێرانی، دەکرێت جێگەی پرسیار بێت، کە کەسێکی خاوەن هزر، مافی خۆپاڵاوتنی لێ وەردەگیرێتەوە و، لە هەمان کاتدا داوای لێ دەکرێت کە بەشداری لە پرۆسەیەکدا بۆ دەستنیشانکردنی کەسێك بکات کە خۆی کەسێکی نەشیاوە بۆ ئەو پۆستە، کەواتە ئەگەر بۆ خۆپاڵاوتن نەشیاوە، پێویستە بۆ دەنگدانیش نەشیاو بێت و بە هیچ جۆرێك بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن، واتا دەنگداندا نەکات. هەندێ لایەنی دەسەڵات ئاماژە بە گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن و شرۆڤەی نوێ سەبارەت بە مەرجی کاندیداتۆری سەرۆك کۆمار کە لە دەستوردا هاتووە دەکەن[٥٩]، بەڵام بە سەرنجدان لەم یاسایە، بەدیار دەکەوێت کە لە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا هیچ لەمپەرێك لە لەمپەرەکانی بەردەم هاوولاتیانی ئێرانی چارەسەر نەکراوە و، ماددەی ٣٥ لەم یاسایە هەموو مەرجەکانی ماددەی ١١٥ لە دەستور، دووپات دەکاتەوە.

کۆتایی

پاش گەیشتن بە کۆتایی توێژینەوە، چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك بەم شێوەی خوارەوە پێشکەش دەکەین.

١– دەئەنجام:

بەربەستە یاساییەکانی دەستوری ئێران هێندە بەربڵاو و گشتگیرن دەرفەتی یەکسان، بۆ زۆربەی نەتەوە و کەمینە سیاسی و ئایینییەکانی دانیشتوانی ئێران بە مەبەستی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار نادان. سەرچاوەی ئەم بەربەستانە و نایەکسانییە یاساییە بۆ ماددەی ١١٥ لە دەستوری ئێران دەگەڕێتەوە. چونکە ئەو مەرجانەی کە لەم ماددەدا هاتوون هەر لە بنچینەدا پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤن و، بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان، پرسیار لەسەر هەموو پرۆسەی هەڵبژاردن دروست دەکات. دەستور و یاسای هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، مافی بەشداری هەموو تاکێکی ئێرانی، ڕەچاو نەکردووە، چونکە مەرجی "رجال" لەم ماددەیەدا نیوەی کۆمەڵگە واتە ژنان بۆ خۆپاڵاوتن و، مەرجی مەزهەب، هەموو پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکان جگە لە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام و، مەرجی مەزهەبی فەرمی، هەموو پەیڕەوانی مەزهەبەکانی ئیسلامی جگە لە مەزهەبی شیعە و، مەرجی "ولایت مگلقه فقهیه" هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان بە مەزهەبی فەرمی وڵات هەیە بە بێ ئەم تیۆرە، لە خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بێبەش دەکات. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەرکی پێدان یان زەوتکردنی مافی خۆپاڵاوتن بە هاوولاتیانی کۆماری ئیسلامی لە ئەستۆی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوردایە و لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندنی شیاوێتی پاڵێوراوانی سەرۆك کۆماریدا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و، بە ووتەی چالاکوانانی سیاسی، تەنیا شیاوێتی کەسانێکی تایبەت کە سەر بە گرووپێکی

---

(٥٨) دكتر سيد محمد هاشمي، حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، جلد يكم، مجمع آموزش عالي قم، سال ١٩٩٦،ص ١٢٧. و د.عبدالغني بسوني، مصدر سابق، ص٢٢٤–٢٢٥ ود. ابراهيم عبدالعزيز شيحا ،مصدر سابق، ص ١٦٧.

(٥٩) دكتر جعفر بوشهري، حقوق اساسي، جلد دوم، "حقوق اساسي تطبيقي" انتشارات دانشطاة تهران، ضاث دوم، سال ١٣٥٢، ص ٢٢

دیاریکراون پەسەند دەکات[٦٠]، و ئەم ئەنجوومەنە، بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی شەخسی ڕێبەری باڵای ئەم وڵاتەدایە و، جگە لە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر شەخسی ڕێبەردا نەبێت، وەڵامی هیچ دامودەزگایەکی تر ناداتەوە.

٢– پێشنیارەکان:

لە خوێندنەوەمان بۆ دەستور و یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران، هەندێ پێوەر و جیاکاری بەدی دەکەین کە لە ڕوانگەی مافی شارستانی و سیاسی لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردندا، بە تایبەت سەبارەت بە مافی خۆپاڵاوتن، ڕاستەوخۆ لەمپەر بۆ هاووڵاتیانی ئێرانی دروست دەکات. کەواتە تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی لەم وڵاتەدا مەودایەکی زۆری ماوە، بەڵام وەکو هەنگاوێکی هەنووکەیی و بۆ گەڕانەوەی مافی خۆپاڵاوتن بۆ هەموو پێکهاتەکان، پێویستە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم هەنگاوانە هەڵبنێت :

– هەموو تاکێکی ئێرانی بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازیی ڕەگەزی، باوەڕی ئایینی و سیاسی مافی خۆپاڵاوتنی هەبێت.

– دەسەڵاتی ڕەهای ئەنجومەنی پاراستنی دەستور سنووردار بکرێت.

– هەموو ئەوانەی ڕەت دەکرێنەوە، بە پێی یاسا و بە نووسراوێکی ڕوون و ئاشکرا هۆکاری ڕەتکردنەوەیان ڕابگەیەندرێت.

–دەقی ماددەی(١١٥) ی دەستووری هەموار بکریتەوە مەرجی "رجال" و "مەزهەب" هەلبگیرێت.

دەقی ماددەی ٣٥ لە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئێراندا هەموار بکریتەوە کە بگونجێت لەگەل ڕێکەوتنەنێودەولەتیەکانی و جارنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

کورتە

بنەمای هزری نوسەرانی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵقوڵاوی هزری فەلسەفەی ئەفلاتونە، بەڵام بە تێڕوانینێکی مەزهەبییەوە، کە تێیدا ئاریستۆکراسی مەزهەبی بە جێگەی ئاریستۆکراسی یونانی، فەرمانڕەوای گشتگیری خۆی لە سەدەی بیست ویەکەمدا، جێبەجێ دەکات و هەر لەم ڕوانگەوە لە دەستور و یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێراندا، هەندێ پێوەر و جیاکاری بەدی دەکرێن کە لە ڕوانگەی مافی شارستانی و سیاسییەوە، بە تایبەت سەبارەت بە مافی خۆپاڵاوتن، لەمپەری بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران دروست کردووە کە ڕەنگدانەوەی ئەم جورە تێڕوانینەیە و ئەمە لە کاتێکدایە، کەوا لەم سەردەمەدا مەشروعیەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی وڵاتان لە سەر بنەمای پێگە و ڕۆڵی هاووڵاتی و گەرەنتی ڕەخساندنی هەلی یەکسان و بەرامبەر بۆ مافی خۆپاڵاوتن لە یاسا و ڕێسا نێوخۆییەکاندا داڕێژراوە.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە بابەتی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا بابەتێکی نوێیە و پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە فقهی شیعەدا لە لایەن پیاوە ئایینییەکانەوە ئاماژەی پێکراوە و لە ڕاستیدا فقهی شیعە لە بنەڕەتدا سەبارەت بەم بابەتە بێدەنگە. بۆیە بە بۆچوونی توێژەر لەمپەرو جیاکارییە ڕەگەزی، ئایینی و سیاسییەکانی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانییەکی ڕوونی شەرعی لە پشتەوە نیە ، هەر لەم ڕاستەدا ئەو بۆچوونەی کە پیاوە ئایینییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وڵامێکی گونجاویان بۆی نیە و، تا ڕادەیەك لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستوری ئەم وڵاتەدا یەکدەگرێتەوە، بەڵام

[٦٠] ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ.

له كردەوەدا جێبەجێ ناكرێت" ئەوەیە، ئەگەر ویلایەت تایبەتە بە پیاوان و یەكێك لە مەرجەكانی وەلی فقهی ئەوەیە كە دەبێت پیاو بێت، پۆستی سەرۆك كۆمار ویلایەت نیە بەڵكو وەكالەتە و پۆستێكی جێبەجێكارییە، بۆیە ناكرێت ژنان لەم مافە بێبەش بكرێن.وە لەكۆتای توێژینەوەكە لەئەنجامی بەراوردكردنی دەقەكانی دەستوور و یاسای هەلبژاردنی ئێرانی لەگەل بنەما نیودەولەتیەكانی یاسای گشتی نێودەولەتی پەیوەست بە مافی خۆ پالاوتن بۆ سەرۆكی كۆمار بۆمان دەركەوت كە جیاكاری دەكرێ بەیاسا لە نێوان هاوولاتیانی ئێرانی لەسەر بنەمای رەگەزی و ئاینی و نەژادی بەواتایەكی تر نایەكسانی دەبینرێت لەدەقەیاساییەكان لەفەرهەم كردنی مافەكان بۆ هاوولاتیانی ئێرانی بەشیوەیەكی یەكسان.

ABSTRACT

The thinking process of the writers of the constitution of the Islamic Republic of Iran originates from the philosophical thinking of Plato but with a religious doctrine consideration. In this constitution, a sectarian aristocracy practices an absolute power in the twenty first century in the place of Greek aristocracy. From this point of view we observe some items in the constitution of the Islamic republic of Iran and the Iranian law of election that creates obstacles for nomination in front of the different groups of the Iranian population especially in the time of equal chances of nomination created by the international laws. From another point of view, the subject of the election of the Iranian president is new created by the religious leaders of the Shia sect in Iran after the Islamic revolution meanwhile the Shia school of thought is silent on this subject. The researcher thinks that the ethnic, religious, and political conflicts in the Iranian constitution do not have clear legal bases. As an example of these conflicts which is aligned with the Iranian constitution but is not practiced in reality and the Iranian religious leaders do not have an answer for is the issue of the gender of the nominee for president of the Iranian republic. If the supreme leadership is supposed to be only for men which is the ultimate power then women should be allowed to run for the post of the president because presidency is achieved by election. As a result of this research and after we compared the Iranian election laws with the international laws and the principles of electing presidents, we can say that

there is a discrimination against the Iranian citizens in terms of their rights for free and fair elections.

سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)

یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

أ–فەرهەنگەکان:

اسماعيل بن حماد الجوهري، معجم الصحاح، دار المعرفة، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧.

ب– پەرتووک

١. د. إبراهيم الوردي , النظم القانونية الانتخابية دراسة مقارنة , دار الفكر الجامعي , الاسكندرية , مصر , ٢٠٠٨ .
٢. د. ابراهيم عبدالزيز شيحا،النظم السياسية والقانون الدستوري، الدار الجامعية، بيروت، لبنان، بدون سنة طبع، ص١٦٦-١٦٩.
٣. د. سليمان مرقس، المدخل للعلوم القانونية،دارنشر للجامعات المصرية/ القاهرة،١٩٥٣. .
٤. د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية،الدار الجامعية، بيروت، لبنان، ١٩٩٨.
٥. د. عبدو سعد , النظم الانتخابية , ط١ , منشورات الحلبي الحقوقية , بيروت , ٢٠٠٥.
٦. د. محمد گەزنەیی، نظرية الاستحقاق في الفقه الاسلامي والقانون المدني، طبع الامانة العامة للاوقاف، اربيل، ١٩٩١.
٧. د.جبار صابر طة، النظرية العامة لحقوق الانسان-دراسة مقارنة بين الشريعة الاسلامية و القانون الوضعي، منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت، لبنان، ٢٠٠٩،
٨. د.داود الباز، حق المشاركة في الحياة السياسية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية،مصر، ٢٠٠٨.
٩. د.سعدی بەرزنجی،تێوری گشتی ماف، لەبلاوکراوەکنی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان،زنجیرەی یسایی ٢،هەولێر،١٩٨٩.
١٠. د.صالح حسن سميع، ازمة الحرية السياية في الوطن العربي، دار الزهراء للاعلام العربي، ١٩٩٨.
١١. د.عطا بكري، الدستور وحقوق الانسان،مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٤.

١٢. د.مصطفى ابو ازيد فهمي، الحرية في الحرية والاشتراكية والوحدة، دار المعارف، القاهرة، مصر، ١٩٩٨.
١٣. د.نجيب محمد بكير، المدخل لدراسة القانون، مكتبة عين شمس، القاهرة،بدون سنة نشر.
١٤. كاوة محمد امين، دكتاتورية القيادات السياسية والشعارات الوهمية،٢٠١٦، متوفر على الموقع الالكتوني التالي-:
١٥. يعقوب عزيز قادر،ضمانات حماية حقوق الانسان في اقليم كوردستان العراق، من منشورات منظمة نشر الثقافة القانونية، اربيل،٢٠٠٤.

ج-ماستەرنامەكان:

جودت عبد طه المظلوم، حق المرأة في الولاية العامة في ضوء الشريعة الاسلامية، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الشريعة والقانون في الجامعة الاسلامية بغزة.٢٠٠٦.

دووەم: سەرچاوە فارسیەكان

أ–پەرتووك

١. دكتر سيد محمد هاشمي، حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، جلد دووم ، مجمع آموزش عالي قم، بهار ١٣٧٥ .
٢. عباس علي، عميد زنجاني، كليات حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، تهران: انتشارات مجد، جلد٣، ١٣٨٧ .
٣. دكترابوالفضل، قاضي شريعت ثناهي، حقوق اساسي و نهادهاي سياسي، تهران، انتشارات دانشطاه تهران، جلد ٤ ١٣٧٢
٤. دكتر قاسم قاسم¬زادة، حقوق اساسي، ابن سينا، ضاث هفتم، تهران، ١٣٨٠ .
٥. دكتر سيد جلال الدين مدني، حقوق اساسي در جمهوري اسلامي ايران، انتشارات سروش، سال ١٣٦٩ .
٦. دكتر ابوالفضل قاضي شريعت ثناهي، حقوق اساسي و نهادهاي سياسي، جلد اول، مباني و كليات، انتشارات دانشطاة تهران، شمارة ٢٠٣٣ سال ١٣٦٨ .
٧. دكتر سيد محمد هاشمي، حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، جلد دوم، مجمع آموزش عالي قم، سال ١٩٩٦.
٨. آصفي، محمدمهدي، مباني نظري حكومت اسلامي، ترجمة محمد سثهري، تهران: مجمع جهاني تقريب مذاهب اسلامي، ١٣٨٥.
٩. دكتر سيد محمد هاشمي، حقوق اساسي جمهوري اسلامي ايران، جلد اول، مجمع آموزش عالي قم، سال ١٩٩٦.
١٠. دكتر جعفر بوشهري، حقوق اساسي، جلد دوم، "حقوق اساسي تطبيقي" انتشارات دانشطاة تهران، ضاث دوم، سال ١٣٥٢.

١١. دكتر محمود سلجوقي، حقوق بين¬الملل خصوصي، جلد اول، انتشارات دفتر خدمات حقوقي بين المللي، ١٣٧٠.
١٢. دكتر سيدمحمد هاشمي، مديريت سياسي، انتشارات رياست جمهوري، سال ١٣٦٦
١٣. دكتر مهدي شهيدي، حقوق مدني ٣ "تعهدات" مجتمع علمي فرهنطي مجد، ١٣٨٠

ب- گۆڤار:

١. دكتر سيد محمد هاشمي، بررسي تطبيقي و موضوع بازنطري قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، مجلة تحقيقات حقوقي، **دانشكدة حقوق دانشطاة شهيد بهشتي، شمارة ٨، ثاييز و زمستان ١٣٦٩.**
٢. **كتر حسن حبيبي، رابطة سياسي مجلس و قوة مجرية، نشرة دانشكدة دانشطاة شهيد بهشتي، شمارة اول، سال ١٣٦٤**

ج- دەستوور و یاسانێوخۆیەکان:

١. **قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران.(دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران).**
٢. **قانون مدني جمهوري اسلامي ايران.(یاسای شارستانی کۆماری ئیسلامی ئێران).**
٣. **قانون انتخابات جمهوري اسلامي ايران.**
٤. **یاسای خۆپالاوتن بو سەرۆکی کۆری عێراق**

سێیەم: بەلگەنامەو رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان:-

١. **میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان.**
٢. **جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ**
٣. **پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ١٩٦٦**
٤. **پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەکان١٩٦٦**
٥. **رێکەوتننامەی نێودەولەتی بۆنەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیەك دژی ڕەگەزپەرستی**
٦. **رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیە دژی ئافرەتان.**
٧. **جارنامەی نێودەوڵەتی کارەکانی کۆنگرەی بەکین بۆ ئافرەتان ١٩٩٥**

چوارەم: پێگەی ئەلیکترونی:

https://books.google.iq/books

http://www.un.org/womenwatch/daw/beijing/pdf/BDPfA%20A.pdf